# سەفەری بەتەنیایی

## شیعری/
## دڵشادی عومەرکــاکی

ئەڵمانیا/2008

بەیانیـــە کـــانی ســــەفەر ..
شەوە یاقـــوتیەکـــانی تۆ
دەنێمـــە نێـــوجانتاکەمەوە ،
تەنیـــایـــم تۆ بەجێدەهێڵێ و،،
تەنیـــایـــم گەڕانەوەیـــە بۆلای تۆ.
*********
لەفڕۆکـــە خانەکـــاندا
دەبمـــە عاشق ودەفڕم،،
لەوێستگەی شـەمەندەفەرەکاندا ،
دڵدارێکی چاوەڕوانم .چاوەڕوان
لەتەرمیناڵ وگەراجەکاندا ،،
دەبـــمە گەریـــدەی خۆشەویستیی
بێ ئۆقرە بەدیـــار جانتاکەمەوە
ســـەفەردەکـــەم .
*********
لە پەنجـــەرەکانی ســـەفەرەوە..
تەماشـــــا دەکـــەم ،
تەمـــاشـــــای تۆ بەجێهێشتن و..
گەڕانـــەوە بۆلای تـــــۆ.
*** ***
دوور دەکەومەوە .
بەقەد فڕینی فڕۆکـــەکان
بەنێو هـــەورو..
بەسەرنەخشـــەکانی جیهانـــدا.
بەقەدلادان و هێڵ و
تونێلی شەمەندەفەرەکـــــان

بەقەد شـــارو ،دەشـــت و..کێو و..
بیابانــەکـــانی ڕێگـــا..
دوور دەکــەومــەوە ،
مـــن وجـــانتاکـــەم..
پڕن لەیادگـــــاری تۆ و..
دووردەکـەومەوە لەتۆ و..
ســـــەفەرێ بۆلای تـــۆدەکـــــەم.

*** **** ***